

# چیرۆکە لە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنیی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە: نها.

**ژمارە ٣١ـ ١٩ی گەلاوێژ ٢٧١٨**

**چیرۆکنووسانی ئەم ژمارەیە:**

حمێرا محەممەد ئەمینی
پەروین شێخی
خەدیجە جاوید
ناسر فەتحی
شەرمین سالحی
بیژەن ڕەحمانی
زانا شەریفیان
جێگر بەختیار

**بەتامی چیرۆک:**

لاپەرە ٢٣ ...

**وێنەی ڕووبەرگ:**

Erhan Asik

**ئامادەکاران:**

ئەمیر سیراجەدین
ناسر فەتحی

| RAWEZHISM

# چیرۆکەڵە

**حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ تەنها.**

- چیرۆکی کارگەیی
- بە تامی چیرۆک


- ئامادەکاران:

ئەمیر سیراجەدین

ناسر فەتحی



١٩ی گەلاوێژ ٢٧١٨

ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی؛ لاپەڕەی هونەری و ئەدەبی ڕاوێژیسم

**"پیاوی مۆغۆل"**

بەلاساری هاتە دەر و لە کۆڵانەکە تێپەڕی. دەنگی پێڵاوەکانی بەرزتر بووە. هەڵاتە شەقامەکە؛ کۆتایی شەقامە و باران لە بارانییە ڕەشەکەی هەڵدەخلیسکێ و دەڕژێتە نێو جۆگەلە خوێنەکە. پیاوەتی میزی لێدەچۆڕێت.

**"فۆبیا"**

کاتێ بەو شەقامەدا تێدەپەڕی، پێڵاوەکانی پڕ دەبوون لە میز. هێشتا ئەو دەنگەی لە گوێدا مابوو کاتێ بە لاساری دەینەڕاند: خوێنی چەنگیز لە دەمارەکانمدایە...

**"پەیکەرە"**

سەر و گوێلاک خوێناوی، بێپێڵاو، بە سواری ئەسپێکی لاسار، لە شەقامێک تێپەڕی. کاتێ لە نێوەڕاستی شار پەیکەرەی خۆی بینی، دابەزی و لە خۆشییا میزی بە خۆیدا کرد. دەنگێک لە پەیکەرەوە: مۆغۆل هێمای ئازایەتی!

**▪ شەرمین ساڵحی**

## "یاسای مۆغۆل"

ڕاگەیاندرابوو بۆ ساڵڕۆژی سەربەخۆیی و بەرز ڕاگرتنی یادی سەرکردە مەزنەکە، ڕێوڕەسمێکی شایستە و نەمادین لە گەورە شەقامی شار بەڕێوە دەچێ. هەر وەها گوتبوویان لەوە بە دوا ئازایەتیەکانی ئەو سەرکردە مەزنە دەبێت بە سەرمەشقی هەموو نیزامییەکان و لە یاسای بنەڕەتی ئەو وڵاتەدا دەچەسپێ. ژنان هەموو بەخێرایی بەرە و ماڵەکانیان دەڕۆشتنەوە، زۆربەیان پێڵاوەکانیان بە جێمابوو؛ هەندێکیانیان بەرەو مەراسیمەکە بردبوون؛ پیاوەکانیان لاساریان دەکرد و لێیان جیا نەدەبوونەوە. ئەوانەی ڕۆشتبوونەوە درگاکانیان داخستبوو، و لە پشت پەنجەرەکانەوە دەیانڕوانی؛ ڕێوڕەسمەکە دەستی پێکردبوو، هەموو نیزامیەکان پشتوێنەکانیان کردبوونەوە و شەرواڵەکانیان داکەندبوو. لافاوی خوێن و میز شەقامی هەڵگرتبوو!

▪ شەرمین ساڵحی



Dhruva Chandramouli

## "ماندوو نەبی کابرای ڕێبوار"

لەودەمەی دا, هەتیوی بۆیاغچی بە مەودای چاوەکانی, هەودای پێڵاوی ڕێبورانی سەر شەقامی گرێ دەدا; هەتیوەکەی مەلا قەڵاغ, بە دەنگی خوێن, بە بێ کورتان, لەبەر خاتری جەواڵێک جۆ, دەیزەڕاند بە لاساری!

## "حوکمی ئێعدام"

دەنگی چەکەچەکی پێڵاوەکانی لەسەر شەقام, دەستپێکی جەڵغەی خوێن بوو; بۆو مرۆڤە لاسارانەی لە خۆ میزتن; بە ئەشکەنجەی یاسای پیرۆز!

▪ بیژەن ڕەحمانی



Jose Luis Perez

**"دیاری چەنگیز"**

پێڵاوەکانی چەنگیزخانی لە پێ دەکرد و میزی بە سەر نەخشەی جیهان دەکرد و دەنگی هەڵ دەبڕی، ئێرە شەقامی مۆغۆلستانە منیش کوڕە لاسارەکەی چەنگیز.

کێڵگەی نەوتی نوێم دۆزییەوە کام وڵات دێ بە خوێن ئێرەش داگیربکات.

**"وێنە"**

بە ڕووتی بە ناولینگێکی خوێناوی جووتێ پێڵاوی لە بن باڵی نابوو.

وێنەکەی بە دارتێلێکەی شەقامەوە بینی، لە بنیا هەڵمیزی.

- ها پیاوە لاسارەکە ئێرە مۆغۆلستانە.

▪ زانا شەریفیان



Puneet Bhatia

"وانەی خۆ پەروەردە کردن.."

پێڵاوەکان لە دوای خۆت جێ بێڵە، ئێرە شەقامی لاساریە، سنورێک کە بە میز و خوێن ئاودێر کراوە. لێرە کەس بۆی نییە دەنگ هەڵێنێ، یاسایەک لە مەغۆلستان.

"چاوەکانی شەقام"

شەقام هەمووی چاو بوو، دەنگ نەدەهات، تەنیا پێڵاوەکان لاساریان دەکرد، بە پارێزەوە هەنگاوی دەنا، نەکا سنووری خوێن و میز ببەزێنێ. بیری هاتەوە ئێرە لە مەغۆلستان ئەچێ؛ چاوەکان بادامی نین، بەڵام هەمو شتێک دەبینن!.

▪ خەدیجە جاوید



Khalid Ahmed

## " ئەوینی سارد "

هێشتاش، شوێن پێڵاوەکانت دەبینم. لێرە، ڕێک بەرامبەرم لە سەر شەقام بەجێ ماوون.

هەڵبەت " ئەو" دەیکوت، تۆ لەو ڕۆژە مەیلە و تاریکەی پاییز دیسانەوەش هاتبووی ولە پەنامەوە ڕابوردبووی. دەی کوت، "تۆ"بێ تاقەت وتاڵ بە سەر یەک لاقی درێژتەوە وەستابووی کە تۆ بەشێوەی گەنجیت، سەرپێچەکەت بە دوو لای روخسارتەوە ئاوێزان کردبوو وسەر وسینەت ، وەێنەی مناڵدانێکی پیری نەزۆک بەمن، کە بەوتەی "ئەو" لە سەرتەنیا قاچی بێ خێر وکەڵکم ڕاوەستابووم نیشان دابێت.

من ڕێک لەو چرکە داچاوم لە سەر شوێن پێکانت لابرد بوو، تا ئەو باڵاخانە مەڕ مەڕیەی وەکو کارگێکی ژاراوی لە پەنامەوە هەڵتۆقابوو تماشا کەم. هەر ئەو چرکە نفرەتاویە چاوم لا نەبردبایە دەمدیتی و "ئەو" پێمێ نەدەکوت": تۆ هەر بۆ ئەوە باشی شەوو ڕۆژ بەو قاچە زەهرەماریەت نیگابانی ئەو خانووە نگریسە سەنگیە بیت."

کاتێک سەرنجمدا چوارشێوەکەت دوای باڵای بەرزت کەوتبو و خەریک دەبو بەجێبمێنی لە لەش ولارت وداکەوێتە سەر شەقام.

خۆزگەم بوو بچەمێمەوە و هێندێک لەو تەنیایی و هیلاکیەت لە ئامێز گرم و دواتر بیخەمە سەر شانم و لەلای هێلانەکەی" ئەو " حەشاری دەم بۆ خۆم. بەلکو تۆش زیاتر چوارشێوەکەت خشێتە قاچم و بێیت وپاڵ خەیتە سفتی ورەقی لینگە درێژەکەم و لە ناختەوە بڵێت ئۆووخەیش.

دڵنیام "ئەو" یش لە سەر شانم هەمو ئەوانەی دەبیند و دواتر دەستی دەکردە سەرکوونە کردنم. تۆ دەڕۆیت ومن دیسان کاتژمێر گەلێکی زۆر، ماندوو و تاو بردەڵە چاو ئەبڕمە شوێن پێڵاوە ڕەشە بچکۆڵەکانت کە چەند مێرولەی لاسار لەناویاندا قەدەمیان لێدەدا.

هێند هیلاک و توورە بووم کە تەنانەت بەخیلی و ئیرەییم بە قاچی مێروولەکانیش دەبرد. رەنگە ئەگەر"ئەو" لەو ساتەدا دیار نەکەوتبایە، هەر چۆنێک بوو، تۆزێ دادە چەمیمو دەسی کەم بۆی پێڵاوەکانتم بە گیان ئەکێشا. بەڵام ئەو وەکو هەمیشە، بەهات وهورياوە لە سەر سەرم دانیشت ودەستی کردە قرە قڕ. تاقەتی ئەوم نەبو. خۆزگەیەک وەکو ئەو قاچە نەفرەتیەم دەستێکیشم ببوایە ئەو باڵە ڕەشەیم ئەگرت و لەو سەرەوە دوور فڕێم ئەدا خوار. وەکو ئەوە دەچێت بیرۆکەکەی خوێندبێتمەوە. چاوە وردە کانی تەر دەبن و بەگازەندەوە تماشام دەکات :" ئەگەر بتەوێت جارێکیتر کە لێرەوە ڕابورد، شوێنی دەگرم بۆت دەدۆزمەوە. " دڵم

دەسووتێت، بۆ ئەو کە ئاوا بێگەرد، دەیەوێت یارمەتیم دات. هەمیش بە خۆم کەناتوانم لە شوێنی خۆم بجوڵێم ودەستی ئاخر ڕێیەک بۆ دۆزینەوەت پەیداکەم و بێم لە ناوەڕاستی ژوورەکەت، تەنانەت ئەگەر لەنوێژیش دابیت چاوەرێ سڵاوی نوێژت نەوێستم، بێ هیچ وشەیەک بتخەمە سەر شانم وچوارشێوەکەت لە سەر بەرماڵەکە جێبهێڵم نەبا جارێکتر شان و شانگتم لێدا بشێرێت.

جووڵەیکم بەملم کرد، بە غەمێکی قووڵ و دەنگێکی مێرەبانەوە لێم پرسی :" ئاخۆ بێت ئەو ڕۆژە؟ تۆ دەڵێت ئەوە گونجاو بێت؟"

وەڵامی داوە :" بۆچی نا؟! بۆ تۆ چیت لە ئیتران کەمترە؟! ڕاستە باڵات زۆر درێژە و لە ئەو زۆر بەرزتری، بەڵام خۆ تۆ زۆر بەتەمەنی، گریمان خەڵک وای دانا خۆکووژی کردوە. بۆ کەم خۆ کووژی دەکەن؟ دەی هەر کەسێ بۆ مردن پلانێکی هەیە، بۆ نابێت ئەو ئاوا کەتۆ دەتەوێت بمرێت؟

چ جیاوازیەکی هەیە لەگەڵ مردنی ئەو کەسەی ئێلسیدیەکی کردۆتە کۆڵیی وسنووره قەدەغەکان دەبڕێ تا کو شەو بەرامبەری دانیشێ و سەیری دڕاما قێزەوونەکان بکات؟ هێندێکیش سەیری مەریمی پیرۆز بکەن؟ ئەگەر ئەو گوولەی بەر مێشکیان کەوتوە بهێڵێت.

ئێستا بیر لەوە دەکەمەوە ئاخۆ تۆ هیچ کات لە کاتی بینینی مەریەمی پیرۆز یادی من دەکەیت؟

من زۆر دێتە پێش، کۆتاییەکانی ئەو دڕامایە لە پەنجەرەی باڵاخانە مەڕ مەڕیەکی سەر شەقامی ڕوو بەڕووە ببینم. هەرچەندێک وەکو فیلمە کۆنەکانی ڕابوردوو. ئەوانەی بێدەنگ و صامت بوون، بەڵام من دیسان بیری تۆ دەکەوتمەوە. لەوانەیە دەنگی مەریەمی پیرۆزم ببیستبا بیری شتی تریشم بکردبا، بەڵام لەو کاتانەدا تەنیا بیری تۆم دەکرد. پێکەنیناویە، تەنانەت وام هەست دەکرد تۆش کاتێ سەیری دەکەی بیری من دەکەیت، ئەو کاتەی مەسیحی ناسری لە خاچ دەدرێ وخوێن بەرۆکی کراسەکەی سوور دەکات تۆ چاو دەقوچێنی وبیری من دەکەی کە ڕۆژێک بێت ولە سایە وسێبەری کزولەم دا، دانیشی و باوەش کەیتە قاچم. دەزانم لەو ساتەدا، بەو بیرۆکەیە شەرم گونات دەرنگێنی وچاوەکانت توند توند دە قووچێنی لەژێر لێوتەوە بەڵێنی دەدەی بەخوا کە ئیتر...

دیسان بیرۆکەکەی خوێندمەوە و قڕاندی:" گەمەژی گەمژە، تۆ کۆتا کەسی لە دوونیا کە شتی ئاوا بە مێشکیدا ختووره بکات. ئاخر نالێیت خەڵکان چۆن لە بارەتەوە بیر دەکەنەوە؟ یا چەندێک حەکایەت درووست دەکەن؟ خۆت ملت شکا هیچ، ئەی ئەو بەستەزمانە؟ دواتر بەڕقەوە لە

سەر شانم هەڵدەفڕێ وچەند ڕۆژێک نایەتەوە سەر هێلانەکەی.

هەمووی ئەو ڕۆژانە چاوەڕێ تۆم. چاو لە شوێن پێلاوەکانت دەکەم و نزا دەکەم--->

ئەگەر هاتی تۆزێ داشکێمە خوار وبچەمێمەوە ونزیکت کەوم، تۆ کە ئەوندە بە حەیایی مەترسە، گۆڕی قسەو قسەڵۆکی خەڵک من ئەوندە قوورس و قایم ساڵگارێکە لێرە وێستاوم یەکێ بووە بڵێت شا ئەو بەرێزوو ماقووڵە وا بێدەنگ ومەزڵووم وتەنیایە!

لە ڕاستیدا، ئەگەر تو لەو ڕۆژە ساردو خوڵاوییەی پاییزیە دا لێرەوە ڕا نبوردبایە و بە ئەنقەست سەرپۆشەکەت لا نە دابا، من هێشتاو هێشتاش لە جێگەی خۆم نە دەجووڵام وشوێن پێلاوێکی ڕەشی بچوک نەدەکەوتم. چاو لەو دڵە بەرد و سیمانیەم مەکە.

گوێمەدە قسەی کەس، ڕەنگە لە چاوی ئەوانەوە من دار بەرقێک بم و گەلۆر لە سەر شەقام وێستابم، بەڵام دڵم لە هەموو مناڵەکانت تەنانەت هاوسەری ڕەحمەتیشت زێاتر بۆت پەرۆشە.

ماوەیەکە "ئەو" دەڵێت :" تەواوی کە توو خوا، بەو دڵە تەپە و دڵەڕاوکێوە کار دەدەیە دەستت. من هیچێک، بە خاتری ئەو کەمێ هێمن بە و ئۆقرە بگرە. مەگەر نابینی دوێنێ تا گەیشتە لات زەنبیلە قوورسەکەی لە پێش پێت فرێدا و چوارشێوەکەشی لە شان وملی کۆ کردەوە دای بە ڕووی ئەو کرێکارەی بۆ گاڵتەجاری تیکەی پێادا بوو؟ خۆت شایەت بووی چۆن ئەو حیزە ..."

پێڵاوە کانت خشکە خشکە لە پاتەوە دەخشان، چاوم پێتەوە بووو چەند منداڵ دوات کەتبوون و بە دەست وپلە خوڵاوی و ڕەشەکانیانەوە ئاماژەیان بەمن دەکرد.

من لەو سەرە بیرم لە پیرۆزیەکانی مەریەمی پیرۆز دەکردەوە کە تۆ هێلاک پاڵت خستە قاچم. چەنێک سووک و بێ گیان وبێ هیوا بووی. لەوانەیە من لەو کاتەدا، بیرۆکەیەکی شەیتانی هاتبێتە مێشکم. ڕەنگە گەرەکم بوو بێت هەل بقۆزمەوە. بەڵام نا، لەوە دڵنیا بووم کە تۆ دەبوو بڕۆیتەوە ماڵ. ئەگەر دەتمهێشتەوە حەتم دەمردی. دەبوو یارمەتیتدەم وبتنێرمەوە ماڵ. ڕەنگە ڕۆژێک گەرابایتەوە لام، ڕۆژێک کە هیچ کارێکت نەبێت بۆ کردن و بۆ هەمیشە لام بمێنیەوە. گریمان نەگەڕایتەوە وکارێکیش نەبوو بیکەیت، دەبوو بڕۆیت. نابێت لێرە، لەپێش چاوی من، لە پێش ئەوگشتە گەمژە ونەفامانە کە ڕەحمیان بەچینی هەڵوەشاوی کراسەکەشتدا نایەتەوە پاڵ خەیتەمن. ئاییی بێشەرمانە، تاقەت ناهێنم، نا تاقەت...نا...دەچێمەوە و لە سەروی شان وباڵی کزو بێ گوشتت تماشات دەکەم. چەند جوانی، چەند چرچ ولۆچەکانی گۆناتم خۆش دەوێ! دەچمێمەوە نزیکتر دەکەومەوە لێت. باشە قەلەڕەشەکە لێرەنیە ئاوا بمان بینێنێت.

▪ خەدیجە جاوید



Subbu Sullia

## "هێڵی سوور"

ئەوە تەرمی نیگارکێشە لاسارەکەی شەقامی مەجبووراوایە کە بێ دەنگ بە سەر ئاڵای کۆماردا هەڵمیزت و بە پێڵاوە خوێناویەکەی ژێر باتووم' هێڵی سووری بە سەر لاپەڕەی یاساکانی نەوەی تەتەر دا کێشا!!!

## "سزا"

دەنگ و جیرەی پێڵاوە وێرنیەکانی بێدەنگی شەقامە چۆلەکەی شکاند بە بێ یەک و دوو چەقۆکەی لە زگی ڕۆ کرد خوێن فیشقەی کرد و میزی بە سەر و چاوی باوکیدا هەڵدێرا!

لە سەرە مەرگیشدا لاساری خۆی نواند!!!

▪ پەروین شێخی



“

Ruth Nyquist

**مافی مرۆڤ”**

دەنگە دەنگی ناو شەقامەکە کاسی کردبوو، لە تابلۆکە دابەزی و شمشێرە خوێناویەکەی وەرسوڕاند. کاتێ زانی ئێرە تارانە هەڵمیزا بە یاساکانای مافی مرۆڤا و ڕووی کردەوە مەغوڵستان!

**“سووژە “**

دەنگە دەنگی پێڵاوەکەی کارگەی چیرۆکی شێواندبوو.

گۆیا ئەوە  ژنە لاسارەکەی چەنگیز خانە و لە گەڵ لافاوی خوێنا سەری لەم دەڤەرە دەرهێناوە!

**▪ حمێرا محەممەد ئەمینی**



tanveer Shah

**"سەرخۆش "**

کاتێک چەند پەلا میزێک بەر دەم و چاوم کەوت، لەبەر خۆمەوە جوڵەیەکم کرد. پێڵوەکانمم بۆ بەرز نەدەکرانەوە. خوێنم لە گەڵ میزی ئەو توتکە سەگە تێکەڵ بوو، کە لەسەر سەرم ڕاوەستا بوو. قاچی بەرز کردبوو میزی پێدا دەکردم. دەمویست هەڵبستمە سەر پێ، نەم دەتوانی. هاوارم دەکرد، بەڵام هیچ دەنگێک لە گەرووم دەر نەهات. وشەکانم لە قوڕگم بەردیان بە ملیان هەڵواسی و خۆیان تێ هەڵدایەوە ناو هەناوم. گوێم لە دەنگی مرخە مرخی هەناسەم دەبوو.

کەوتمە بیری ئەو کاتەی منیان تێ هەڵدایە ئێرە. قۆڵەکانیان گرتبووم لەسەر سک ڕایان دەکێشام. قاچەکانم بۆ کۆ نەدەکرانەوە، وەکو بەلا بە دواوەم بوون.

- لێرە جێی بهێڵە، مردووە.

- بڕواناکەم، پیشلەی حەوت ڕۆحە.

- نوقەی لێوە نایەت، هەر حەوت ڕۆحی بە جارێک دەرچووە.

دواین شت کە بیرم بوو، سیرەی تایەی ئۆتۆمبێلەکەیان بوو. هیچ شتێکی دواترم بیر نیە.

لێرە کەوتووم و توانایی هیچ جوڵەیەکم نیە، پارچە ئەنگوتکێکم لە هەویری نانەوا و بەربوومەتەوە، بە زەوی نووساوم. بە لام دا تێدەپەڕن و هیچ کەسێک هەڵم ناگرێتەوە. پارچە هەویرێکی ترشاوم، فریشتەی مەرگ پێم لێدەنێ، تا پانم بکاتەوە.

- سەیری ئەو کەلەپوورە، دیارە زۆری خوادووتەوە.

- وەرە با کەمێکی پێ ڕابوێرین.

- هێ تۆ، پیرە پیاو؟ گوێت لێمە؟

- هیچ دەنگێکی لێ نایە، وەک سەگ خۆی سەرخۆش کردووە.

- وازی لێ بێنە، بابڕۆین. لەم بارەی خوارەوە زۆری خواردووتەوە، بیل بۆیەکان تێیان هەڵداوە، هێناویانە لێرەیان فڕێ داوە.

هەستان تاکوو بڕۆن، یەکێکیان شەقێکی وەشاند، بە لووتم کەوت. دووبارە خوێن لە لوتم پرژاوە. خوێنی مەیی وەک پاپۆڕ بەسەر خوێنی نوێ لەنگەریان گرت.

ئازارەکەیان لێ نوێ کردمەوە. لەم تاریکی شەوەدا، لەسەر شەقامێک کاتەکانم بە کولانەوەی برینەکانم تێدەپەڕێت. دواین برین کەلێم دەکولێتەوە، برینە نوێیەکەمە، برینێک کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چەند کاژمێرێک بەر لە ئێستا. تازە بەشەق لێیان کولاندمەوە. چەند کاژمێرک پێشتر، سەر و گێلاکیان بریندار کردم، ئەو دوو گەنجەی کە بەلام دا تێپەڕین، برینەکانیان کولاندمەوە.

ئێوارە کە لە کارگە گەڕامەوە، چوومە حەمامەکە، تا ئارەقەی هیلاکیم، لە گیان هەڵگرم. وەکو گشت ڕۆژێک ئێوارە خوانێکی باشمان هەبوو، تێر لەسەری لەوەڕام. ژنەکەم زۆر جوان دەردەکەوت، بە مەکسیەکی سور. کە سەیرم دەکرد وام هەست دەکرد گوڵە سپیەکان لەناو ئینجانەکان ڕایان کردووە و باوەشیان بە ژنەکەم داکردووە، بە مەکسیەکەی نووساون. پرچە زەردەکەی لە دواوە بەستبوو، کەمێکی هێنابووە پێشەوە.ئەو پەری زادەیە، لە پەریان بە جێ ماوە.

جیاوازی تەمەنمان هەیە، بەڵام من زۆرم خۆشدەوێت. ژنی دووەمی منە. دایکی دوو کورەکەم، پێنج ساڵ پێش ئێستا، عومری درێژی بۆ ئێوە بەجێ هێشت. دوو ساڵیش دەبێت ژنم هێناوەتەوە. ژنەکەم پێنج ساڵ لە کوڕی گەورەم، گەورەترە. کوری گەورەم لە نەۆمی سەرەوە دەژیەت، هێشتان هاوسەرگیری نەکردووە. چەند جارێک داوام لێکردووە کە ژنێک بێنێت. ئیتر هێندە خۆی لە هوریێ نەپەستێت. گشت جارێک دەڵێت؛

ـ ئەوها ئاسودەترم.

ـ لە کۆتایی هەر دەبێ ژن بێنیت.

ـ کاتی نەهاتووە.

ـ لە بەرچی؟

ـ پیاو جارێک ژن دێنێت، ئیتر بۆ هەتا هەتایە ناتوانێ بیگۆڕێت.

کوڕەکەی تریشم ناردووە بۆ ئەوروپا. وابڕیارە خوێندن تەواو بکات و بگەڕێتەوە.

نانەکەم خوارد چوومە ژووری نوستن پشوو بدەم. دوو گڵاس وێسکیم خواردەوە، لێی پاڵ کەوتم.

ـ پیاوەکە هیچت ناوێت بۆت بێنم؟

ـ نا هیلاکم کەمێک دەخەوم.

بە تیلەی چاو سەیری کردم، چاوانی دەیان گوت: هێی پیرە پیاو لە نوستن زیاتر هیچ کارێکی تر نازانی؟

سەیری چاوانی دەکردم لەپی دەستی لە لێوی خشاند. بەشێوەیەک سوراوی لێوی تێکچوو، کە دەتگوت منداڵێک پێی لەسەر بۆیەی تابلۆیەک هەڵ خلیسکاوە. ئەو ڕۆیشتە دەرەوە و منیش نووستم.

درەنگی شەو بوو، ڕێک نازانم کاتژمێر چەند بوو. دەمێکە زانینی کاتم بۆ گرینگ نیە. بەیانیان دەچمە کارگە تاکو ئێواران، دواتر نان خواردن و نوستن دووبارە هەستانەوە بۆ ڕۆژی دواتر.

لەسەر سیسەمەکە دەستم درێژ کرد، وەک ئەوەی لە بۆشایدا بی سورڕێنمەوە، هیچ شتێک

نەکەوتە بەر دەستم. هەستامەوە دەنگی تەلەفیزیۆنەکە زۆر بوو، تەواوی هۆڵەکەی پڕ کردبوو لە دەنگە دەنگ. ویستم بیکوژێنمەوە. گەڕام بە دوای کۆنترۆڵەکە.

گوێم لەپێکەنینی ژنەکەم بوو، زۆر بە نزمی پێدەکەنی. دەنگەکە لە نهۆمی سەرەوە دەهات. لە پلیکانەکان بەسەر کەوتم، هەنگاوم نا بەرەو ژووری نوستنی کوڕەکەم. دەرگەکە کەمێک کراوە بوو، پاڵێکم بە دەرگە وەنا هەردووکیان سەیری منیان کرد و بێدەنگ بوون.

بە خێرایی لە پلیکانەکان هاتمە خوارەوە. بەرەو ژوری نوسین چووم. ژنەکەم بە دوام داهات، هەوڵی دەدا بم وەستێنێ. چەکمجەی یەکەمم کردەوە هیچی تێدانەبوو، چەکمەجەی دووەمیش. نازانم بۆ مێشکم وا ئاڵۆز ببوو. بەخۆمم دەگوت: ئەرێ لەکوێم داناوە؟

دواتر بیرم کەوتەوە. دەمانچەکەم لە ژێر قەدی لێفەکان دەرهێنا. لە دواوە شتێک بەر سەرم کەوت.

- کووشتت؟

- نازانم!

- بە سە. چیتر بە سەری دامەکێشە کووشتت.

▪ جێگر بەختیار



Cihangir Yariz

## "سەرۆک لە جلی مەدەنیدا"

لەسەر شەقامەکە بە دەمدا کەوتبوو. سەگێک لێی نزیک بووەوە. بۆنی لاشە خوێناویەکەی کرد. قاچی بەرزکردەوە،  میزێکی بە لاشەکەیدا کرد.

▪ جێگر بەختیار



Dave Carroll

"شەقام"

- ...

- چەن جووتت پێڵاو هەیە؟

- دە جووت!

- چەن جووت گۆرەوی؟

- زۆر!

- چەن دەست لیباس؟

- بڵێ چەن چەمەدان؟

- دەی چەند؟

- هەشت!

- گوارە و ئەنگوستیلە و شتەکانی ئاڕایشیشت کە دیارە لە حیساب نایە!

- وایە، ئەوانم هەر لێ مەپرسە!

- هەمووشیان بە بەردەوامی بەکار دێنی؟

- نا، تا شتی تازە لەبازاڕ بێ، بۆ کەڵک لە شتی دێمۆدە و کۆن وەرگرم؟

- قسەی بێ ماناش بۆخۆی قسەیەکە!

- لە مەبەستەکەت تێ نەگەیشتم!

- لەوە گەڕێ! دەنگ چۆنە؟

- زۆر خۆشە!

- ئەی بۆ گۆرانی ناڵێی؟

- جا تۆ قەت دیتووتە دەنگ خۆشێک گۆرانی بڵێ!

- یانی تۆ دەڵێی هەرچی گۆرانی بێژی هەیە دەنگی ناخۆشە؟

- بەڵێ، چوونکە هەر دەنگ ناخۆشەکان جەسارەتی گۆرانی گوتنیان هەیە!

- با وابێ!

- دەی وایە!

- خوێن ببینی چ دەکەی؟

- حەز ناکەم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە!

- کێشە نییە، سەربەستی!

- ڕستەیەکی شاعیرانە بۆ میز بڵێ!

- نانی عەشقت لەسەر میزی هەناسەت دەخۆم!

- مێز نا، میز، مێز و سەندەڵی ناڵێم، میزی کردن!

- گاڵتە بە خۆت بکە!

- نا بێ گاڵتە دەڵێم!

- باشە، بەسی کە!

- پرسیاری دیکە دەتوانم بکەم؟

- بیکە، بەڵام ئەدەب فەرامۆش مەکە!

- ئەدەب لەلای تۆ چ واتایەکی هەیە؟

- ئەدەب لەلای من یانی، لەکۆتایی دا شێعر، لە ناوەندا شێعر، لەسەرەتادا شێعر!

- نا، ئەو ئەدەبەم نەدەگوت! ئەدەبەکەی دیکەم دەگوت! بەڵام لێی گەڕێ، پرسیارێکی تر!

- فەرموو؟

- تا چ ڕادەیەک لاساری؟

- تا ئەو ڕادەیەی کە خۆم ڕازی کرد بێم لە بەرنامەیەکی لاوازی وەک ئەم بەرنامە بێ مانایەی تۆدا بەشداری بکەم!

- ئاوا! حەز ناکەم داکۆکی لە بەرنامەکەم بکەم چوونکە سووک دەبێ، بۆیە وای دادەنێم گوێم لەو قسەیەت نەبووە!

- تۆ خۆت پێ چییە؟ ها مۆغۆلستانی؟

- خاتوونی بەڕێز سووکایەتی بە ڕوخساری خەڵک لە ئاستی تێگەیشتووی جەنابت دا نییە!

- وایە لە ئاستی بەرنامەکەی جەنابت دایە! شەقام! چا ئەو ناوە سووکەی! جا شەقامیش بوو بە ناو؟ وەڵا خۆ نا نا، شەقام پڕ بە پێستی بەرنامەکەتە، ئەم هەڵسووکەوتە کووچە و بازاڕییانەی تۆ لەم بەرنامەیەدا لەگەڵ هونەرمەندانی دەکەی هەر ئەو ناوەی لێ دەوەشێتەوە!

- بینەرانی خۆشەویست نێوبڕێک وەردەگرین و دێنەوە لاتان!

- نایهەوێ، مەیخەنە نێو، نێوبڕەوە، من ئەوەندەش بێ فەرهەنگ نیم بەرنامە بشێوێنم و پێویستیم بە ئارام بوونەوەی پشتی پەردەبێ! هەر ویستم حیسابی کارتان بێتە دەست!

- دەی زۆر باشە، بەردەوام دەبینەوە؛ وەک ڕەواڵی پێشووی بەرنامەکانمان، جارێکی دیکە دەگەڕێینەوە سەر ئەو پرسیارانەی لە سەرەتاوە لێم پرسیبووی، بەڵام بەجۆرێکی لێتیان دەپرسمەوە!

- فەرموو!

- بەتەما نی پێڵاو و، گۆرەوی نا، جلە زیادییەکانت، ئەوانەی کارت پێیان نییە، ببەخشییەوە؟ بە کەسێک کە هەژارە و پێویستیی پێیەتی!

- نا، فڕێیان بدەم باشترە لەوەی بیانبەخشم!

- بۆ؟

- چوونکە کاخانەکانی خۆشەویستم دادەخرێن!

- کارخانەکانی خۆشەویستەکەت یان کارخانە خۆشەویستەکانت؟

- ڕوونکردنەوە بە پێویست نازانم!

- ...

▪ ناسر فەتحی



Ihsan Gercelman

## "دەنگ و ڕەنگی مۆغۆلستان"

نەوە لاسارەکەی چەنگیزخان هەرکە بە سەیارەکەی لە شیرازڕا گەیشتە کوردستان، لەقەڕاغ شەقامێک لایدا و، بە میز نووسیی خوێن!

▪ ناسر فەتحی



Craig Mulcahy

**تێبینی:**
خوێنەرانی بەڕێز، ئەم چیرۆکانەی خوێندتاننەوە بەرهەمی "کارگەی چیرۆکی بێسنوور" بوون ـ لە تێلێگرامدا ـ کە زۆربەیان لە ماوەی چەن ڕۆژ و بۆ سووژەی حەفتانەی کارگە نووسراون. هەر کەمووکوڕییەکیان هەبێ، چ لە ڕووی زمان و داڕشتنەوە، چ لە ڕووی ناوەرکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامادەکارانی ئەم حەفتەنامەیە بەپێویستییان نەزانیوە هەڵەبڕییان بۆ بکەن. چوونکە چیرۆکەکان کارگەیین و باش وایە قۆناخەکانی گەشەی ئەزموونگەرانەی نووسەران وەک ڕەوتێکی مێژوویی، بێ دەسکاریی بەرهەمەکانیان، وەک خۆی بمێنێتەوە. واتە کەمووکوڕییەکان پێوەندیی بە ئاستی هەنووکەیی نووسەرانەوە هەیە و لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا، بەرهەمە نوێیەکانی ئەو نووسەرە بەڕێزانە، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشوویان، دەکرێ دەرخەری کاریگەرییەکانی کارگەی چیرۆک بێ.

## کلێشەی یاساکانی خاڵبەندی و تایپ و مەرجە زمانەوانییەکانی بڵاوکردنەوەی چیرۆک لە چیرۆکەڵەدا:

١ ـ لە سەرسەرەوەی ئەو دەقەی دایدەنێن بنووسن کە ئەوە "چیرۆک" ـە، "کورتە چیرۆک" ـە، "کورتیلە چیرۆک"ـە یان چییە!
٢ ـ حەتمەن ناوی چیرۆکەکەتان بنووسن، نەشتان نووسی، دەتوانن هێمایەک شتێک لەبری ناوەکەی دابنێن.
٣ ـ حەتمەن هەڵەی تایپی کارەکانتان چارەسەر بکەن!

٤ ـ تا ئەو جێگایەی لە توانای خۆتان دایە ڕێزمان و ڕێنووسی کارەکانتان درووست بکەن.
٥ ـ لە خاڵبەندی (ئاداتی نیگارشی) هەڵە و بێ جێ، کەڵک وەرمەگرن، مەگەر ئەوەی پاساوێکی تکنیکیتان بۆ بەهەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندییەکانتان هەبێ. بۆ نموونە: لە تێکستەکانتاندا لە سێ نوقتە زیاتر ....... هەڵەیە، بێ مانایە؛ مەگەر بە مەبەستی جێخاڵی (بۆشایی بۆپڕکردنەوە) بەکاری بێنن! دووخاڵبۆڕ (نوقتە کاما) یان سێ خاڵبوڕ، یان زیاتر، پێکەوە، هەڵەیە! وەک ئەمە: ؛؛؛؛؛! کۆتایی ڕستەکان پاراگرافەکان نوقتەیان دەوێ! بۆڕ (کاما) لە زمانی کوردی دا زۆر گرنگە، چوونکە پێکهاتەی زمانی کوردی وایە، واتە شێوەڕستە (ڕستەی نیوەچڵ) ـی زۆرە و ئەگەر بە بوڕ و خاڵبۆڕ ڕستەکان لێک جیا نەکەینەوە بەدحاڵیبوون دێتەگۆڕێ. هێمای پرسیار(؟) بۆ ڕستەی سەرسوڕمانی، هەڵەیە. واتە هێماکانی پرسیار و سەرسووڕمان [!؟] لە جێی خۆیان بەکار بێنن، مەگەر ئەوەی ڕستەکە هاوکات هەم پرسیاری بێ، هەم سەرسوڕمانی. هێمای سەیر و سەمەرە و بێ مانای دیکە بێ هۆکار و بێ پاساو بەکار مەهێنن بۆ نموونە: ◌̆◌̄ ◌̄ ◌́◌́ ◌̄ ,,,/ ستیکێر یان ئەنیمەیشێن بەکار مەهێنن.

٦ ـ کاتێک دیالۆگ بۆ چیرۆکەکانتان دەنووسن بە هێمای تەقەڵ (خەتی تیرە) و لە سەرەتای ڕستەدا دیالۆگەکە دەست پێ بکەن، بۆ نموونە:
ـ تکایە تێ بگەن، ئەوە زۆر گرنگە.
ئەم هێمایانە بۆ سەرەتای دیالۆگەکان هەڵەن: [+ : > = *]
٧ ـ ئەگەر لە کاتی دیالۆگ نووسێ دا گوتم، گوتت، گوتی (وتم، وتت، وتی/ ئێژم، ئێژی، ئێژێ) ـیت نووسێ پێویست ناکات تەقەڵی بۆ دیاری بکەی. تەنیا بە گیوومەی سەرەتا و کۆتایی قەوارەی دیالۆگەکانتان دیاری بکەن. بۆ نموونە:
لەکاتی دیاریکردنی یاساکان پێم گوتن: "دیالۆگ ئاوا دەنووسرێ!"

ئاوا هەڵەیە:
گوتم:
ـ جوان سەرنج بدەن! (واتە هەم دوو نووقتەی سەریەک و، هەم بۆر، پێکەوە هەڵەیە)
ئاوا درووستە:
گوتم: "جوان سرنج بدەن!"
هەروەها تەقەڵەکانیش لە سەرەتای دیالۆگەکان جیابکەنەوە.
-ئاوا نا!
- ئاوا!
-- ئاواش هەڵەیە، دوو تەقەڵ (ـ ـ) بۆ سەرەتای دیالۆک درووست نییە. دەبێ یەک تەقەڵ بێ (ـ).
٨ ـ لەزمانی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکدا هەڵەیە. بۆ نموونە ئەم وشانە هەڵەن: کۆێڕا، کۆوا، کۆێ، کۆێم... ئاوا درووستن: [کوێڕا، کوا، کوێ، کوێم...]

٩ ـ ئاهـ ـیش ئاوا دەنووسرێ: ئاهـ نەک ئاوا: اه [ لە زمانی کوردیدا "ئا" ئاوا نانووسرێ: "ا". ئەوەش "ە" ئەیە، نەک هێ. هێ ئاوا دەنووسرێ "هـ"]

١٠ ـ ئەم (;) نوقتە کۆمایە (خاڵبورە) بۆ تەختەکلیلی ئینگلیسییە، نەک کوردی، زۆرکەس ڕەچاوی ناکات، لەکاتێکدا ئەم خاڵبەندییانە زۆر گرنگن و دەبێ زۆر گرنگیان پێ بدەن.
ـ ئەم بۆڕ و خاڵبۆڕانە هەڵەن: ; ,
ـ ئەمانە درووستن: ؛ ،

١١ ـ تکایە هێمای سەرسووڕمان و پرسیار و نوقتەکانیش (خاڵەکانیش) بە سەرەتای ڕستە نوێیەکانتانەوە مەنووسێنن. بۆ نموونە:
ـ من ڕۆیشم.تۆ هاتی (ئەوە هەڵەیە)
ـ من ڕۆیشتم. تۆ هاتی (ئەوە درووستە)
ـ من بڕۆم؟!تۆ لێرەبی؟! (ئەوەش هەڵەیە)
ـ من بڕۆم؟! تۆ لێرەب؟! (ئەمە درووستە)

١٢ ـ ئەم خاڵانە و کۆمەڵێک خاڵی دیکە، کە ئەگەر تەنیا سەعاتێک کاتیان بۆ تەرخان بکەن و لە ئینترنێتدا سێرچ بکەن، زۆر هەڵەی نووسین و ڕێزمان و ڕێنووستان چارەسەر دەبێ.

تێبینی: ئەو کەسەی ئەم تایبەتمەندییە گشتییانە ڕەچاو نەکات، لە چیرۆکەڵەدا چیرۆکی بۆ بڵاو ناکرێتەوە. ئەو خاڵانەش وا باس کران "سەلیقەیی و مەندەراوردی" نین بەڵکوو یاسای گشتین و وەک چۆن بۆ لێخوڕی ماشێن دەبێ یاساکانی لێخوڕین بزانین و ڕەچاویان بکەین، بۆ نووسینیش دەبێ ئەو یاسایانە بناسین و، بۆ ئاسان خوێندنەوەی دەق (لێخوڕینی دەق) لەلایەن خوێنەرەوە دەبێ ڕەچاویان بکەین. بەوهیوایەی نووسەرانی کوردیش وەک وڵاتان گرنگیی زیاتر بە ڕواڵەت و پرستیژی کارەکانی خۆیان بدەن!

# بە تامە چیرۆک

**▪ سەدر سەید جەماڵ ـ هەولێر:**

لە جێگایەگ بووم شەقوهۆڕی دۆمینە کەڕوکاسی دەکردی. جەقرە لولانێ و هەرا و هۆسەیەک بوو، سەت خۆزی بە گابۆڕ و زەناوزیل و بەمی ڕاوە بەرازی بکە، گوتیان: خۆت تەسک مەکەوە، ئیستەرم دەبێ دانیشی. ئەمنیش قەت خۆم نەخوراند، چوار جمکی(چار مشقی)لێی دانیشتم. دۆمینە دامەزرا، تیواوتیو سەر بەرەو هەوراز ڕوو بەڕووی چاوم ناو لەپم سێرەم لە پولان داگرت، دەیگوت حەفت پشت و ئاجەڕاتم لەسەر ئاین و ئۆینی دۆمینە توخم و تۆیان بڕاوەتەوە. هەر کە لە پزدانی دایکم سەرم لە جوقەی دەرهیناوە، مامانەکەم لە نیوەی دۆمینی هەڵساوە، ناوکی بە پول و شەش و بێژی دۆمینەی بڕیوم. پێبەپێ فرچک و ژەکی ئەو نەعلەتییە لە خوێن و توخم و گەرا و تۆی موخمدا دەسڕاز و شەتەک دراوە، بەو فعلە ڕاژەندرا و لایلایەم بۆ کراوە. دەیگوت فەندوفاک و دۆز و تەڵەی لە ڕێگای هاوریشمی چین و ماچین و ئاسیای ناوەڕاست خۆم سەرپاڵە و هەویری ئەو نانەم شێلاوە.

گوتم: لێدە کاکە لێدە، ئەو (٣٠)ە، سی لێ درا، گوتم:هەر خوێندن باشە، منداڵی عالەمێ بە خوێندنی گەیشتنێ. لێدە ئەوجارە ئەو قوتە(٣٥)ە، تەماشا چیەک لەولا هەڵزۆقیەوە، لە هیچ کەون و کائیناتێک سی و سی و پێنج نییە. ئەمنیش دەستم ڕوو کردوە، ناو لەپ شێک لە کەشتی نوح گچکەترە، جێگای یەک تەغار و ڕەشکەی کای پولان دەگری، گوتم: لە قەبری بابی خێوی بەم، نایکەم سنعەتەکە ڕەزیل بوو.

**▪ سەید محەمەد ـ مهاباد:**

ئاغا لە نۆکەرەکەی لە بیانوو بوو کوتی: ئەتۆ ڕۆژێ سێ جاران دەچییە سەرئاو، دەبێ ڕۆژێ جارێک بچی و ئەویش سێ کیلۆی بکەی! نۆکەری فەقیر خۆی ڕاگرت تا ئێواری. دوایی چووە سەرئاو و کاری خۆی کرد. کوتی: ئاغا وەرە کردوومە. ئاغا هات و چاوی لێ کرد و کوتی: ئەوە زۆرە، یەک پووتە. نۆکەری داماو کوتی: ئاغا ئەتۆ بیانووم پێ دەگری، دەنا ڕاست دەکەی سێ کیلۆی خۆت جیا کەوە ئەوی دیش ماڵی خۆم!

**▪ ئیدریس یوسفی:**

لە ئاوایی "گرگۆلی سەرێ" خاڵەڕەحیم هەبوو، سەڵتوقوڵت. لە خانوویەکدا دەژیا. نەخۆش کەوتبوو. کەیخوداکان سەردانیان کردبوو و هەرکەس بەنۆرەی خۆی پرسیاریان لێ دەکرد. مستەفا خەرەزەن بەڕەحمەت بێ نەماوە کوتی: خاڵەرەحیم ئەدی ئەمن کێم، دەمناسی ؟ خاڵەڕەحیم تەماشای کرد و کوتی: ئەی چۆن ناتناسم؟! ئەتۆ مستەفای کوڕی مام حوسێنی، ماڵتان لە ئاوایی محمەشەی سەرێ بوو، یەکی چڵمن بووی، ڕۆژ تا ئێوارێ منداڵان خۆیان پێوە دەنای!

**▪ کاوە مەحموودی ـ ئاوایی داشبەند:**

ئامۆزایەکەم هەر لە ئاوایییەکەی خۆمان (داشبەند) ژنی مارە کردبوو کە دەستگیرانەکەشی دەبوو بە کچی خاڵۆزامان.

ڕۆژێک ماڵی خەزووری لە نەغەدە بۆ شام بانگێشتن کرابوون و هەموو خاوخێزان دەچوون بۆ وێ و قەرار وابوو ئەو ئامۆزایەم بچێتە ماڵی خەزووری ئاگاداری ماڵەکەیان بکا و چۆن دەستگیراندار بوو زۆریان خۆش دەویست و شامی چاکیان بۆ ساز کردبوو. یەک قابڵەمەیان گۆشت بۆ سوور کردبۆوە لەگەڵ برینج.

لای عەسر کە دەڕۆیشتن کلیلی ماڵێیان هێنا بۆ من کوتیان قارەمان ئێوارێ دێ لێت وەردەگرێ و شامەکەشیمان بۆ لە سەر گازەکە داناوە. منیش دوای ئەوان چوومە ماڵێ. ئەگەر چاوم لێ کرد یەک قابڵەمە گۆشت سوورەوە کراوە. قابڵەمە گۆشتەکەم شاردەوە. چووم یەک کیلۆم جۆ کڕی و هێنام لە قابڵەمەیەکی دیکەدا لە ئاوم کرد و لە سەر گازەکە دامنا. ئێوارە قارەمان هات کلیلەکانم دایە و کوتم وەرە بۆ شام دەچینە ماڵی خۆمان، دوایی

برۆ بۆ ماڵی خەزوورت. ئەویش کوتی ئاوەدان بێ، شامیان بۆ ساز کردووم. ئەگەر دەچێتە سەر قابڵەمەکە دەبینێ جۆ لە ئاو کراوە و هیچی دیکەی لێ نییە. زەنگ لێ دەدا بۆ دەستگیرانی و دەڵێ ئەرێ شامەکەم لە کۆیە؟ ئەویش دەڵێ لە سەر گازەکە لە قابڵەمەیەک دایە. قارەمانیش لەڕووی هەڵنایە بڵێ جۆی تێ دایە، دەڵێ کچێ شتێکی دیکەی لێیە شام نییە.

دوایی زەنگی بۆ من لێ دا و کوتی ئەرێ کاکە شامەکەی من لە کۆیە؟ منیش کوتم خۆ ڕۆڵە من خەسووت نیم من چووزانم!

کوتی کاکە کوتیان لە سەر گازەکەیە بەڵام شتێکی دیکەی لێیە. منیش کوتم هەچی خودا بە قسمەتی کردبێی تازە بیخۆ، بڵێم چی؟ کوتی کاکە، کوڕە جۆ لە ئاو کراوە. منیش کوتم حەتمەن دەزانن بە ویشکی ناتوانی بیخۆی بۆیە لە ئاویان کردووە! زۆر پاڕاوە تا پێم کوت شامەکەی لە کۆیە. دوایەش ئەو کوڕانەی خۆمان هەموو زەنگیان بۆ لێ دەدا و دەیانکوت ئەرێ قارەمان ماڵی خەزوورت چیان بۆ لێنابووی؟!

- **سەرچاوەی ستوونی "بەتامی چیرۆک:** "کاناڵی تێلێگرامی "با قسەی خۆش ون نەبێ"



Adrian Popescu